وەزیری تەندروستی عێراق: شاری پزیشکی دووەم لە بەغداد دروستدەکرێت

وەزیری تەندروستی عێراق رایگەیاند، پرۆژەیەکیان ئامادەکردووە بە بنیادنانی شاری پزیشکی دووەم لە بەغدادی پایتەخت، پرۆژەکەش دامەزراندنی چوار نەخۆشخانەی گەورە لەخۆدەگرێت.

ساڵح حەسناوی، وەزیری تەندروستی عێراق لە لەدوانەکی رۆژنامەوانیا رایگەیاند، پرۆژەیەکیان ئامادەکردووە، بەناوی شاری پزیشکی دووەم لە بەغداد، بە بوژاندنەوەی زەوی نەخۆشخانەی سەربازی ڕەشید و پرۆژەکەش بریتییە لە دامەزراندنی چوار نەخۆشخانە کە بەکەی گشتی هەزار و ٢٠٠ قەرەوێ لەخۆدەگرن.

ئەوشی خستەووە، نەخۆشخانەکان لەسەر رووبەری ١٠٠ دۆنم پارچە زەوی دروستدەکرێن و تایبەتمەند دەبن بە نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵان و نەشتەرگەری نەخۆشییەکانی هەناویی و حاڵەتە فریاگوزارییەکان.